# هرس ات و ل بانب دبت، بت: أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأن محمدا عبده ورسوله، رضيت بالله ربا وبمحمد رسولا، وبالإسلام دينا، ئوا خواى ور ل تاوانانى خش دبت

له سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)^، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت». ^(واتە: شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە، ڕازی بووم بەوەی کە الله پەروەردگارم بێت، ڕازی بووم بەوەی موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- پێغەمبەرم بێت، ڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینم بێت).

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگبێژ دەبێت، بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ : شاهێدی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە): واتا دان دەنێم وجەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی هیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە بپەرسترێت جگە لە الله، وپەرستراو وپەرستنی جگە لە الله پوچەڵە. (وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە): واتا ئەو بەندەیە وناپەرسترێت، وپێغەمبەرە بەدرۆ ناخرێتەوە. (رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا : ڕازی بووم بەوەی کە الله پەروەردگارم بێت): ڕازیم بە پەروەردگارێتی وئولوهیەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی. (وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا : وڕازی بووم بەوەی موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- پێغەمبەرم بێت): واتا ڕازیم بە هەموو ئەو پەیامەی پێی نێردراوە، وپێمانی گەیاندووە. (وَبِالْإِسْلَامِ : وڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام): واتا بە هەموو حوکمەکانی ئاینی ئیسلام لە فەرمانپێکراوەکان ونەهی لێکراوەکان. (دِينًا : ئاینم بێت): واتا لە بیروباوەڕە وملکەچم وفەرمانبەردارم بۆی. (ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت): تەنها لێخۆشبوونی گوناهە بچووکەکان دەگرێتەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee